چوارچێوەی هەماهەنگی جەخت لەسەر گرنگی بەردەوامبونی گفتوگۆی نیشتمانی و کاری لەپێشینە بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکاتەوە

چوارچێوەی هەماهەنگی ئەمڕۆ یەکشەممە، جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامبونی گفتوگۆی نیشتمانی و کاری لەپێشینە بۆ بەرژەوەندی گشتی کردەوە و راشیگەیاند، پێویستە ئاستەنگەکان کەم بکرێن.

لە ڕاگەیەندراوەکدا چوارچێوەی هەماهەنگی باڵوێکردەوە، ئەمڕۆ یەکشەممە چوارچێوەی هەماهەنگی کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (233) ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی دواین پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان لە وڵاتدا، جگە لە تاوتوێکردنی دۆسیەی هەڵبژاردنی داهاتو و ڕێگاکانی دروستکردنی کەشوهەوای پێویست بۆ دڵنیابون لەوەی کە لە وادەی دیاریکراودا پرۆسەکە بەڕێوەدەچێت، بە شێوەیەک کە هەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵك بێت و سەقامگیری سیاسی بپارێزێت.

ئامادەبوان جەختیان لە گرنگی درێژەدان بە گفتوگۆی نیشتمانی و کاری لەپێشینە بۆ بەرژەوەندی گشتی و دو هێندەکردنی هەوڵەکان لە قۆناغی داهاتودا کردەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕوی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەبنەوە،

بەتایبەتی سەبارەت بە خزمەتگوزاریيەکان و ئاسایشی هەبژاردنەکان و چەسپاندنی متمانەی جەماوەری لە پرسەی دیموکراسیدا.

چوارچێوەی هەماهەنگی بەبنەی هاتنی مانگی پیرۆزی موحەرەمەوە، سەرەخشی قوڵی خێی ئاراستەی گەلی عێراق و هەمو نەتەوەی ئیسلامی کردوە، بەبنەی ساڵیادی شەهیدبونی ئیمام حسێن بن عەلی و دوپاتیکردنەوە، بنەماکانی ئیمام حسێن بێ چاکسازی، دادپەروەری، دژایەتیکردنی نادادپەروەری وەک چرا و ڕێنمایی دەمێننەوە لە ڕێگای میللەت بەرەو کەرامەت و سەروەری و ئازادی.